# گەنجان تا چەند دەتوانن حەزلێکردن و خۆشەویستی لێك جیابکەنەوە



ناتوانم بەچەند ووشەیەك پێتان بڵێم کەمن چەند لەمانای خۆشەویستی گەیشتوم چونکە خۆشەویستی زۆر لەوە پڕمانترە کە من و خامە بتوانین هەندێك لەم بارەیەوە بدوێن،بەڵام ئەوەندە دەزانم ژیان بێ خۆشەویستی لەبێ مانابی زیاتر هیچی تر نییە، ئیتر ئەم خۆشەویستییە مەرج نیە تەنها بۆ رەگەزی بەرامبەر بێ،وەك خۆشەویستی بۆ دایك ـ نیشتیمان ـ هونەر ـ کتێب ـ..... هتد.

وەك (سینۆها دکتۆری تایبەتی فیرعەون ئەفناتۆن) دەڵێ: مرۆڤ بەندەی هەستەکان خۆیەتی و کۆیلەی ئەو شتەیەکە خۆشی دەوێ جا چ مرۆڤ بێ یا رووەك یا گیاندار یا بێ گیان.

بەڵام ئەوەی من لێرەوە دەمەوێ باسی لێوە بکەم خۆشەویستی نێوان کور و کچانی زانکۆ ئەو کوڕ و کچانەی کە دەیانەوێ لە رێگای خۆشەویستییەوە ژیانێکی هاوسەرگیری و تەندروستی و کامەرانی پێك بهێنن.

نەك ئەو کورو کچانەی کە خۆشەویستی وەکو وەسیلەیەك بەکار بەکاردەهێنن بۆ جێ بەجێکردنی مەبەست و ئارەزووی خۆیان و بەفێڵدان بەسەر هاورێکانی خۆیان.

بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نیە کە تۆ بە دلێکی پاك و بێ گەردەوە دەتەوێ ژیانی هاوسەری پێکبهێنی ،ئیتر دەبێ زۆر بە سادە و پڕ مانا بڕیار لەسەر گەورەترین شت بدەی.

کەئەویش خۆشەویستی یان قەبوول کردنی خۆشەویستییە لەلایەن هەردوو رەگەز چونکە تەنها لە دوورەوە گۆرینە وەی نیگاو یان چەند پیاسەیەکی کەم و چەند گفتوگۆیەکی کەم لە لەنێوان کورو کچێك بەس نییە لەسەر ئەوەی بزانین ئایا ئەمە خۆشەویستییە یان حەز لێکردنەو بەس؟ بێ ئەوەی ئێمە دڵنیا بین لەسەر ئەوەی ئایا تا چەند لەم خۆشەویستییەدا راست دەکەین؟ ئایا خۆمان هەلنەخەڵەتاندووە یان بەرامبەر؟ چونکە ئێمە زۆر جار لە پێناوی حەزێکی شێتانەدا دەمانەوێ خۆشمان فریوبدەین؟

زۆر لەکوڕان و کچانی ئەمڕۆ لەپێناو ئەوەی کە کەسێك بکەن بە کەپلی خۆیان هەڵدەستن شێوازی

راستەقینەی خۆیان دەشارنەوە بەڵام بە تێپەر بوونی كات راستیەكان هەر زوو بەدیار دەكەوێت و ئەو كات لێك جودا دەبنەوە .

بۆیە لێرەدا من دەمەوێ بەراوردێك بكەم لەنێوان خۆشەویستی و حەزلێككردن بە رێگای خوێندنەوەی ئەم بابەتە دەتوانین بگەین بەو باوەرەی كە خۆشەویستی راستەقینە ئەقڵ بەرێوە دەبات و پەیامی لە ئەقلەوە بۆ دێت بەلآم حەز لێككردن كۆمەڵێ غەریزەی مبنی و سۆز بەرێوە دەبات .

ئەو كەسانەی بەراستی یەكیان خۆش دەوێتن هیچ كاتێك ئەو خۆشەویستییە رِێگا بەوە نادات كە لێك بێزار ببن.

بەلآم ئەو كەسانەی كە حەز لێك دەكەن دوای تێپەر بوونی حەزەكانیان هەر ەەر زوو لێك بیچزار دەبن و دەبێتە هۆی دروست بونی ئاژاوەو كێشە لە نێوانیاندا.

وە ئەو كەسانەی كە بەراستی یەكیان خۆشدەوێ دەتوانن لە پێناو بەرزراگرتنی خۆشە ویستەكەیان لە زۆر كەم و كوری و شتی یەكتری هەڵەی بچوكی یەك ببورن وتە نازوول بۆ یەك بكەن.

بەلآم ئەو كەسانەی كە حەز لێك دەكەن لە بچوكترین شتی یەك نابوورن.

ئەو كەسانەی كەیەكیان خۆش بوێ كات كاتێ كەلەیەك تورِەدەبن سوود لە تورە بوونی یەك دەبینن، وە كاتێ كە یەكێكیان تورە دەبێ ئەوەی تریان بێ دەنگ دەبێ بەووردی و جوانی و بێ دەنگی سەیری دەكات و خۆشی و چێژ(لەزەت) لە تورِەیەكەی وەردەگرن و زیاتر خۆشی دەوێ واتە تورە بونیش جۆرێكە لە جۆرەكانی تری مومارەسەكردنی خۆشەویستی نیەانیان بەلآم ئەوانەی كە حەز لێك دەكەن بە پێچەوانەوە من لێرەدا ناتوانم بلێم كەوا هیچ جۆرە پەیوەندێك نیە لەنێوان (سۆزوعەقل) دا چونكە كاتێك كە تۆی سۆزو عەتفت بۆ رەگەزی بەرامبەر هەیە وە ئەگەر بێت و ئەو سۆزو عەتفە لە رێگای ئەقلەوە هەڵسەنگێنی لەوانەیە تا رادەیەكی زۆر بتوانێ رووی راستی یەكانی ببینێت و بزانێ كە ئایا ئەم كەسە گونجاوە بۆ هاوسەرایەتی كردن لەگەل تۆ یان ناء ؟ واتا لەوانەیە سۆزو عەتفت شك و گومانت بۆ دروست بكات بەرامبەرت، وەدەكرێ لە رێگای عەقلەوە ئەم شك و گومانە بمانگێنیتە راستی وەلێرەدا دەمەوێ باسی ئەوە بكەم وە هەر كاتێ عەقل برِیاری لەسەر خۆشەویستی دابێ ئەمە قەت ناروخێ.

بەلآم ئەمانەی كە حەز لێك دەكەن چونكە عەقل برِیاری لەسەر نەداوە هەر زوو دەروخێ و كۆتای پێ دێتن باشتر وایە نەچێتە قۆناغی هاوسەرایەتیەوە چونكە ئەنجامی ئەم جۆرە زەواجە هەر بریتیە لە شەو ئاژاوەو ناخۆشی لەوانەیە هەنێك جار جگە لە جیابوونەوەی تەلآق مەرگیشی بەدواوە بێت.

وە ئێمە ئەوەش دەزانین باجی زەرەری زەواجە هەر ژن دەیداتەوە جائەمە بوو جیاوازی نێوان بكەینەوە خۆشەویستی و حەز لێكردن وە چۆنیش جیاواز.